## "ڕەگەز" لە ڕوانگەی سوسیال ناسیۆنالیستەکانەوە

مرۆڤی هۆمۆساپیینس دەستپێڕاگەیشتنی بەسەر سروشتێکی پیرۆز و تاقانەدا هەیە کە بە گشتی جیاوازیی لەگەڵ سروشتی هەموو بوونەوەرانیتردا هەیە. بەرزترین خۆشبینی تەنیا ئاسایشی مرۆڤە. سەرەکیترین ئامانجی سوسیال ناسیۆنالیستەکان (نازییەکان) ئەوە بوو، مرۆڤایەتی لە هەنبەر توونا بوون پارێزگاریی بکەن و هان بۆ پەرەسەندنی بدەن. ئەوان دەڵێن" "ئاریا" مەزنترین ڕەگەزی مودێرنی پەرەسێندراوە کە ئیزنی کوشتن و توونا‌کردنی مرۆڤ و گرووپە بێ ئەرزشەکانیتر بۆ وێنە "یەهوودیی"، "رۆما"(قەرەچی)، هاوجینس باز و مرۆڤە نەخۆش(نوقسان) مکانی پێدراوە. ئەوان ڕوونی دەکەنەوە، مرۆڤی هۆمۆساپیینس بەهۆی هۆش و بلیمەتبوونی، خۆی لە مرۆڤەکانی پێش خۆی وەك بیرمەندێك جیا کردۆتەوە، هاوکاتیش مرۆڤی بێ ئەرزشی وەك نئاندرتاڵ لە ناو چوون و ڕەچەڵەکیان توونا بووە.

لە ڕوانگەی ئەوانەوە جیاوازیی چەشنەکان شتێکیتر جیا لە ڕەگەزی جیاواز نوبوون کە لێك دابڕاون و بە هۆی پەرەسەندنی هەمەڕەنگیان هەرکام ڕێگای خۆیان گرتوتە بەر. ئەو کارە دەتوانێ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دووپات ببێتەوە. بە پێی بۆچوونی سوسیال ناسیۆنالیستەکان مرۆڤی هۆمۆساپیینسیش لە چەند ڕەگەزی جیاوازدا و هەرکام بە تایبەتمەندی تایبەت بە خۆیانەوە پەرەیان سەندووە و لەو ناوەدا ڕەگەزی ئاریا بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ڕەگەزەکانیتر باشترین تایبەتمەندیی هەبووە: بە هۆی عەقڵانییەت، جوانی، ئەخلاق و زیرەکی توانیویانە سەروەری مرۆڤ بۆخۆیان وەدەست بێنن. ڕەگەزەکانیتریش وەك جوولەکە، ئەفریقاییەکان بە چەشنێك وەك مرۆڤی نئاندرتاڵ پێك هاتوون و تایبەتمەندیی زۆر نەزمیان هەیە. ئەگەر ئەو ڕەگەزە کەم بەهایانە وەچەکەیان پەرە پێبدەن یاخود لەگەڵ ڕەگەزی ئاریایی تێکەڵاو بن، مەترسی بۆ داهاتووی ژیانی مرۆڤایەتیی پێك دێنن و لەوانەیە ببێتە هۆی توونا کردنی مرۆڤی هۆمۆساپیینس لەسەر ئەم هەردە.

بوونەوەر ناسان تیئۆری ڕەگەزپەرەستی سوسیال ناسیۆنالیستەکانیان رەد کردۆتەوە. دوای ساڵی ١٩٤٥ بە پێی پشکنینی ژێنێتیکی سەلماندویانە کە جیاوازی نێوان ڕەگەزەکان زۆر کەمتر لەوەیە کە سوسیال ناسیۆنالیستەکان باسیان لیوە کردووە. لە سەردەمی حوکومڕانی نازییەکان پسپۆڕانی بواری مرۆڤ ناسیی لەسەر ئەو بۆچوونە بوون کە مرۆڤی بە ڕەگەز سپی پلەی هۆشیاریی بۆ وێنە لە مرۆڤی ئەفرئقایی و هیندی زیاترە. زۆربەی سیاسەتوانانی ئەو سەردەمە لە واشینگتون، لەندن و ... بە تەواوی توانایی سیاسیانەوە پێشگریان لە تێکەڵاویی ڕەگەزە بیانیەکان لەگەڵ ڕەگەزی ئەمریکایی

www.rojhalat.de / www.bokan.de

و ئینگلیزی دەکرد. هەر بەو هۆیەشەوە پێشیان بە کۆچی مرۆڤ بۆ نموونە ئیتالیایی چینی و نەتەوەکانیتر بۆ وڵاتی خۆیان دەگرت.

پشکنینە نوێەکانی زانایان لە سەرەتاوە هیچ کارتێکەرییەکی ئەوتۆی لەسەر بۆچوونی ڕەگەزپەرەستان دانەنا. زانیارییە تازەکانی لەسەر ڕەگەز و ڕەچەڵەکی مرۆڤ بە پێی کات و بەهۆی سیاسەتی دروست وردە وردە بیر و بۆچوونی مرۆڤی لە سەراسەری جیهان گۆڕی. لەو پەیوەندییەدا ئادۆڵف هیتلێر نەك هەر گۆڕی بۆ خۆی بەڵکوو بۆ هەموو ڕەگەزپەرەستان هەڵکەند. بەهۆی سیاسەتی ڕەگەزپەرەستی نازیەکان لە ئاڵمان و دوای هەرەسهێنانیان لە شەڕی دووهەمی جیهانی کارتێکەرییەکی زۆریان لەسەر ڕەگەزپەرەستانی جیهانی دانا و جووڵانەوەکانیان کز کردن. بەڵام ئەو کارە بە ڕۆژێک بەڕێوە نەچوو، بۆ وێنە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تا ساڵی ١٩٦٠ و لە ئوسترالیا تا ساڵی ١٩٧٣یش بڵیمەتی ڕەگەزی سپی پێست و وشیاربوونی بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ڕەگەزەکانیتر، یەك لە سەرەکیترین پایەکانی سیاستی ئەو وڵاتانە بووە.

ڕق و کینەی سوسیال ناسیۆنالیستەکان زیاتر لە هەنبەر هومانیستە لیبڕالەکان، لایەنگرانی مافی مرۆڤ و کومونیستەکان بوو، چونکە ئەوان بە بێ جیاوازیدانان لە نێوان ڕەگەزەکانیان، ڕێزیان بۆ هەموو مرۆڤێك دادەنا. دواتر بەهۆی بەهەڵە تێگەیشتن لە بۆچوونەکانی داروین لەسەر "پێش خستن و سەرکەوتوویی وەچە بەهێزەکان" واتە لە سروشتدا تەنیا بوونەوەرە بەهێزەکان دەتوانن وەچەی خۆیان پەرە پێ بدەن و لاواز و نەخۆشەکان توونا دەکرێن، سیاسەت و لۆژیکی خۆیان بەهێزتر دەکرد.

تەنانەت تا ئەمڕۆش چارەنووس و داهاتی پەرەسەندنی هۆمانیسم یاخود مرۆڤ خۆشەویستیی هێشتا هەر ڕوون نییە. حەفتا ساڵ دوای سەرکەوتوویی بەسەر نازیەکان هێشتا هەر شتێکی نامۆیە، پەیوەندایەتیی نێوان هۆمانیسم و زانستی پەرەسەندن لێک گرێ بدرێن. ماوەیەکە پرۆژەی لەو چەشنە هەمیسان مۆد بوونەوتەوە و جارو بار باس و لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێ. ئەمرۆ ئیتر زۆر کەم باس لەسەر ڕەگەزی کەم بەها و بێ ئەرزش دەکرێ، بەڵام هێشتا بیرۆکەی سەروەریی چەشن مرۆڤێکی بڵیمەت لە مێشکی هێندێك لە ڕەگەزپەرەستاندا هەر ماوەتەوە.

درێژەی هەیە...